# مارە برۆنزەکە

**ئامارەکان ٢٠ و ٢١**

جاری ڕابردوو، لە بەشی چوارەمی تەورات، لە سیپارەی ژمارەکان بینیمان چۆن گەلی ئیسرائیل گەیشتنە سنووری کەنعان، ئەو خاکەی خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب و نەوەکانیانی دابوو. خودا پلانی دانا ئەو زەبەلاحە خراپەکارانەی کە لەو خاکە دەژیان لاببا و هەموو شتێك بداتە دەستی گەلی ئیسرائیل. بەڵام زۆربەی گەلی ئیسرائیل دەترسان لەو زەبەلاحانە و باوەڕیان بە بەڵێنی خودا نەهێنا کە خاکی کەنعانیان دەداتێ.

بۆیە، دەخوێنینەوە چۆن خودا دادوەری گەلی ئیسرائیلی کرد لەبەر بێ باوەڕییان. پێیانی فەرموو، ناچنە ناو ئەو خاکەی کەوا سوێندم خوارد تێیدا نیشتەجێتان بکەم، تەنها کالێبی... و یەشوعی... نەبێت، [٣١] بەڵام منداڵەکانتان کەوا وتتان دەبنە نێچیر، ئەوا من دەیانبەمە ناوی و شارەزای ئەو خاکە دەبن کەوا ئێوە ڕەتتان کردەوە. [٣٢] جا لاشەکانی ئێوە لەم چۆڵەوانییە دەکەوێت. (ئامارەکان ١٤: ٣٠-٣٢)

ئەوەی دەبێت لێی تێ بگەین ئەوەیە کە خودا ویستی گەلی ئیسرائیل یەکجار بەرەکەتدار بکات، بەڵام بەرەکەتداریانی نەکرد لەبەر بێ باوەڕییان. لەبەر ئەوەی ڕەتیان کردەوە باوەڕ بێنن بەوەی پەروەردگار بەڵێنی پێیان دابوو، خودا حوکمی گەلی ئیسرائیلی دا کە لە بیاباندا بێن و بچن بۆ چل ساڵ، تاکو هەموو ئەوانەی تەمەنیان سەرووی بیست ساڵی بوو و باوەڕیان پێی نەبوو مردن.

ئێستاش، با بەردەوام بین لە سیپارەی ژمارەکان بۆ ئەوەی ببینین چی ڕوویدا لە کۆتایی ئەو چل ساڵەی گەلی ئیسرائیل بەسەریان برد لە بیاباندا لەبەر بێ باوەڕییان. لە بەشی بیست دەخوێنینەوە: (ئامارەکان ٢٠) [١] ئینجا نەوەی ئیسرائیل، هەموو کۆمەڵەکە هاتنە چۆڵەوانی چین لە مانگی یەکەمدا و گەل لە قادێش چادریان هەڵدا و لەوێدا مریەم مرد و لەوێش نێژرا. [٢] ئاو نەبوو بۆ کۆمەڵ، جا دژ بە موسا و هارون کۆبوونەوە و [٣] گەل کردیان بە دەمەقاڵێ لەگەڵ موسادا و لەگەڵیدا دووان و وتیان: (خۆزگە وەک براکانمان لەبەردەم پەروەردگار لەناو بچووینایە، [٤] بۆچی کۆمەڵی پەروەردگارتان هێنایە ئەم چۆڵەوانییە تا تێیدا خۆمان و ئاژەڵەماڵییەکانمان بمرین؟ [٥] هەروەها بۆچی ئێمەتان لە میسر دەرهێنا؟ تا بمانهێنن بۆ ئەم شوێنە خراپە! ئێرە شوێنی دانەوێڵە و هەنجیر و مێو و هەنار نییە و ئاوی خواردنەوەشی لێ نییە.)

لەپاش ئەو هەموو شتەی خودا بۆیان و بۆ باوکانیانی کرد لە میسر و لە بیاباندا، ئایا دڵیان پڕ بوو لە سوپاس گوزاری و متمانە؟ نەخێر! بەڵکو عەینەن وەك باوکانیان دەکرد. بۆڵەبۆڵیان دەکرد! بێ گومان، ئەوان بێزاربوون لە دەشتاییدا، بەڵام دەبوایە لەبیریان بوایە ئەوە لەبەر بێ باوەڕییان بوو کە تاکو ئێستا نەچوونەتە ناو خاکی کەنعانەوە. ڕاستە، گەلی ئیسرائیل ئاویان نەبوو. ئەی بۆچی نوێژ بۆ خودا نەکرد؟ ئەو خودایەی کە چل ساڵ ئاگای لێیان بوو لە دەشتایی ووشکدا — ناتوانێ ئاوی خواردنەوەیان بداتێ؟ بێ گومان دەتوانێ! خودا دەیویست هەموو پێداویستییەکانیان دابین بکات! بەڵام گەلی ئیسرائیل هێشتا بەتەواوی متمانەیان بە پەروەردگار خودایان نەبوو.

بابەردەوام بین لە بەشەکە بزانین چی ڕویدا. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (ئامارەکان ٢٠) [٦] جا موسا و هارون لەبەردەم کۆمەڵەوە هاتنە لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن و بەسەر ڕوویاندا کەوتن و شکۆمەندی پەروەردگاریان بۆ دەرکەوت. [٧] پەروەردگاریش لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: [٨] (گۆچانەکە ببە و کۆمەڵ کۆبکەوە، تۆ و هارونی برات لەبەرچاویاندا بە تاشەبەردەکە بڵێن تا ئاوەکەی بدات، جا لە تاشەبەردەکەوە ئاویان بۆ دەردەچێت و کۆمەڵ و ئاژەڵە ماڵییەکانیان ئاو دەدەیت.)
[٩] موساش گۆچانەکەی لەبەردەم پەروەردگارەوە برد وەک فەرمانی پێ کرد. [١٠] موسا و هارون جەماوەریان لەپێش تاشەبەردەکە کۆکردەوە و پێی وتن: (گوێ بگرن ئەی هەڵگەڕاوەکان، ئایا لەم بەردەوە ئاوتان بۆ دەربهێنین؟) [١١] موسا دەستی بڵندکرد و بە

گۆچانەکەی دوو جار لە تاشەبەردەکەی دا، جا ئاوێکی زۆر دەرچوو و کۆمەڵ و ئاژەڵە ماڵییەکانیشیان لێیان خواردەوە.
[١٢] بەڵام پەروەردگار بە موسا و هارونی فەرموو: (لەبەر ئەوەی باوەڕتان بە من نەکرد تا پیرۆزیم نیشان بدەن لەبەرچاوی نەوەی ئیسرائیل، بۆیە ئەم کۆمەڵە نابەنە ناو ئەو خاکەی پێم داون.)

تێگەیشتی چی ڕوویدا؟ خودا فەرمانی چی بە موسا دا ئەنجامی بدات تاکو کۆمەڵی ئیسرائیل ئاوی خواردنەوەیان هەبێت؟ فەرمووی، (بە تاشەبەردەکە بڵێن!) ئایا موسا بەگوێی خودای کرد و قسەی لەگەڵ بەردەکە کرد؟ نەخێر! موسا لە توڕەییدا دووجار کێشای بەسەر بەردەکەدا. ئەمە وای نەکرد کە خودا، لە چاکی خۆی، کە بەردەکە ئاوی لێ هەڵنەقوڵێ، بەڵام ئەوەی موسا کردی دڵی خودای خۆش نەکرد. بۆیە خودا سزای دا، فەرموی: (لەبەر ئەوەی باوەڕتان بە من نەکرد تا پیرۆزیم نیشان بدەن لەبەرچاوی نەوەی ئیسرائیل، بۆیە ئەم کۆمەڵە نابەنە ناو ئەو خاکەی پێم داون.)

ڕەنگە لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەو سزایەی کە خودا بەسەر موسای داهێنابێ زۆر قورس بێت. بەڵام دەبێت لە بیرمان بێت ئەوەی دڵی خودا خۆش دەکات باوەڕ هێنان بە ووشەی و بەگوێ کردنی ووشەی. خودا ناتوانێ هیچ شتێك کە دژی ووشەیەتی قەبوڵ بکات — تەنانەت ئەگەر لەلایەن پێغەمبەر موساوە بێت!

خودا کەس بەسەر کەسدا هەڵنابژێرێ. موسا پێغەمبەرێکی مەزن بوو، بەڵام وەك هەمووان ئادەمیزاد بوو. بۆیە، گوناهبار بوو وەك هەموو نەوەکانی ئادەم. تەنانەت پێغەمبەری خودا موسا، نەدەتوانی خۆی ڕزگار بکات بەکردەوەی چاکی خۆی. وەك هەموو نەوەکانی ئادەم عەیبی هەبوو و هەموو ڕاستودرووستی جێ بەجێ نەکرد. پێغەمبەر موسا، وەك هەموو گەلی ئیسرائیل، دەبوایە بەڕێگای ڕاستودرووستیدا بێت کە خودا دایمەزراندووە، لە ڕێگای قوربانی خوێن. لە ڕێگای گوناهی موساوە، خودا دەیەوێ بەبیرمان بێنێتەوە کە هەموومان گوناهبارین و لە شکۆمەندی خودا کەوتین. هەمووان تاوانبارین بەرامبەر خودا. هەمووومان گوناهبارین. کەس ڕاستودرووست نیە! کەس نیە لای نەدابێت لە ڕێگای خودا — تەنها ڕزگاری دەری ڕاستودرووستی تەواو کەوا لە ئاسمانەوە هات بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران!

بەردەوام بین لە چیرۆکەکەی گەلی ئیسرائیل، لە کۆتایی بەشی بیست دەخوێنینەوە چۆن هارون، براگەورەی موسا مرد، لە چیای هۆر، و کۆمەڵی ئیسرائیل لەوێدا بۆی نووزانەوە بۆ ماوەی سی ڕۆژ.

لەپاش ئەوە، لە بەشی بیست و یەك، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (ئامارەکان ٢١) [٤] ئینجا لە کێوی هۆڕەوە بە ڕێگای دەریای سوف کۆچیان کرد تا بە خاکی ئەدۆمدا بسوڕێنەوە، جا گەل لە ڕێگادا سەبریان بڕا. [٥] گەل دژ بە خودا و بە موسا قسەیان کرد و وتیان: (بۆچی لە میسر دەرتانهێناین تا لە چۆڵەوانی بمرین؟ چونکە نە نان هەیە و نە ئاو! و ئەم خواردنە بێ تامەمان لەبەرچاو کەوتووە.)
[٦] پەروەردگاریش ماری ژەهراوی بۆ سەر گەل نارد و بە گەلیانەوە دا و خەڵکێکی زۆر لە ئیسرائیل مردن. [٧] ئینجا گەل هاتنە لای موسا و وتیان: (گوناهمان کرد کە دژ بە پەروەردگار و بە تۆ قسەمان کرد، جا بۆ پەروەردگار نوێژ بکە تا ئەو مارانەمان لەسەر هەڵبگرێت.) موساش لە پێناوی گەل نوێژی کرد.
[٨] پەروەردگاریش بە موسای فەرموو: (مارێکی ژەهراوی دروست بکە و لەسەر دارێک دای بنێ، جا هەر یەکێک پێیەوەدرا و تەماشای کرد دەژییێت.) [٩] موساش مارێکی لە مس دروستکرد و لەسەر داری دانا، ئەوە بوو هەر کاتێک یەکێک مار پێوەی دا و تەماشای مارە مسەکەی دەکرد دەژیا.

با بیربکەینەوە لەم چیرۆکە سەرسوڕهێنەرە. بۆچی خودا ماری ژەهراوی نارده ناو گەلی ئیسرائیل؟ خودا مارەکانی نارده ناویان لەبەر گوناهەکانیان. گوێمان لێ بوو چۆن دژی خودا و موسا قسەیان کرد، و قێزیان لەو خواردنە بووەوە کە خودا بۆیان دادەبەزاند. لەبەر ئەوە خودا ماری ژەهراوی بۆیان نارد تاکو پێوەیان بدات و زۆر لێیانی کوشت.

گەلی ئیسرائیل دەیانتوانێ چی بکەن بۆ ئەوەی لە مردن ڕزگاریان بێت؟ دەیانتوانێ خۆیان ڕزگار بکەن لە مارەکان؟ دەیانتوانێ چارەسەری خۆیان بکەن لەو ژەهرە کوشندەیە؟ مەحاڵە! ئەی چی بکەن؟ دەیانتوانێ هاوار بۆ خودا بەرن! ئەوەش ئەوە بوو کە کردیان. بینیمان چۆن گەلی ئیسرائیل تۆبەیان کرد و چوونە لای موسا و پێیان ووت، (گوناهمان کرد کە دژ بە پەروەردگار و بە تۆ قسەمان کرد، جا بۆ پەروەردگار نوێژ بکە تا ئەو مارانەمان لەسەر هەڵبگرێت!)

ئایا خودا ئەو مارانەی لەسەریان هەڵگرت؟ شتێکی باشتری لەوە کرد! خودا بە موسای فەرموو کە مارێك لە برۆنز درووست بکات و لەسەر ستوونێك هەڵواسێ تاکو، جا هەر یەکێک پێیەوەدرا و تەماشای کرد دەژییێت. ئەمە چارەسەری خودا بوو. ئەگەر مارێك بەکەسێکی بدایە، هەر ئەوەندەی دەکرد کە تەماشای مارە برۆنزەکەی هەڵواسرابوو لەسەر ستوونەکەی بکردایە و چاك دەبووەوە! ئەمە ڕێگای قوتاربوون بوو کە خودا ڕێکی خست: تەماشا بکە و بژی!

خودا بەڵێنی دا هەموو ئەوانەی تەماشای مارە برۆنزەکە دەکەن کە موسا هەڵیواسیبو چاك بکاتەوە. ئەی چی بەسەر ئەوانە هات کە ڕەتیان کردەوە تەماشا بکەن؟ بەئازارێکی زۆرەوە مردن. بەڵام هەرکەسێك باوەڕی بە خودا بهێنایە و تەماشای مارە برۆنزەکەی بکردایە لە مردن ڕزگاری دەبوو، لەبەر ئەوەی خودا بەڵێنی پێیان دابوو، کاتێ فەرمووی، (جا هەر یەکێک پێیەوەدرا و تەماشای کرد دەژییێت.)

بەڕاستی ئەمە چیرۆکێکی دڵ فڕێنە، بەڵکو لە دڵ فڕێن زیاترە. ئەم چیرۆکە نووسراوە بۆ ئەوەی ڕێنماییمان بکات. خودا دەیەوێ پێمان نیشان بدات کە هەمووومان وەك گەلی ئیسرایلین. ئێمەش گوناهبارین، هەر لەبەر ئەوەیە بەردەوام منگە منگمان دێت بەرامبەر خودا و مرۆڤ، و لە بیر و ئیش و کرداری خۆمان خودا ئیهانە دەکەین. شەیتان وەك ئەو مارە ژەهراوییانەیە کەبە گەلی ئیسرائیلیەوە دەدا. و گوناهیش وەك ژەهرەکەیە کە دیانی کوشت. شەیتان بە هەموو نەوەکانی ئادەمەوە داوە و ژەهری گوناە دەمانفەوتێنێ تاهەتا، مەگەر خودا بۆ خۆی چارەسەرێکمان بۆ دابین بکات! سزای گوناە فەوتانە لەناو ئاگری تاهەتایی، و لەناو خۆماندا هیچ مەجالی قوتاربوونمان نیە! بەڵام ستایشی خودا دەکەین، لەبەر ئەوەی وەك چۆن پلانی داڕشت بۆ ڕزگارکردنی گەلی ئیسرائیل لەژەهری مارەکان، هەروەها پلانێکی داڕشتووە بۆ ڕزگارکردنی نەوەکانی ئادەم لە ژەهری گوناە!


دەزانی خودا چی کرد بۆ ئەوەی ڕزگاریت بکات لەو نەعلەتەی گوناە بەسەرتی هێناوە؟ بخوێنیتەوە لەوەی ڕزگاری دەری پیرۆز فەرمویەتی نزیکەی هەزار و بێنج سەد ساڵ لەپاش ئەوەی موسا مارە برۆنزەکەی هەڵواسی لە دەشتاییدا. فەرمووی، وەک موسا لە چۆڵەوانی مارەکەی بەرزکردەوە، ئاواش دەبێ کوڕی مرۆڤ بەرز بکرێتەوە... تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت! (یۆحەنا ٣: ١٤، ١٦)

لەم ئایەتەی ئینجیلی پیرۆز، فێردەبین کە ئەو مارە برۆنزەی موسا هەڵی واسی لە بیاباندا، هێمایێکی ڕزگاری دەرەکە بوو کە دەبوایە بێت و بمرێت لەسەر خاچ تاکو شەیتان، هەڵگری هێزی مرد ببەزێنێ. (عیبرانیەکان ٢:١٤) ئای کە چەن سەرسوڕهێنەرە ئەم پەیامە! وەك بۆمان دەردەکەوێ لە وانەکانی داهاتوو، لە ڕێگای مردن و هەڵسانەوەی ڕزگاری دەرەکە خودا دەرگایەکی ڕزگارکردن و ئاشتی و خۆشی تاهەتا کردەوە بۆ نەوەکانی ئادەم! تاکە شت ئەوە خودا لێتی دەوێ ئەوەیە دان بنەی کە خۆت پێ ڕزگار ناکرێت لە هێزی گوناە، و باوەڕ بێنی لە ناخی دڵتەوە بەوەی خودا شایەتی بۆ داوە سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکەی مرد لەسەر خاچ بۆ دانەوەی قەردی گوناهی تۆ. خودا دەفەرموێ: تەماشای ڕزگاری دەرەکە بکە و دەژیت! باوەڕی پێ بێنە و خودا چاکت دەکاتەوە و ڕزگارت دەکات لە ژەهری گوناە و جێگایێکت بۆ دەگریت لە حزوری هەتاهەتای پیرۆزی خۆی لە بەهەشت!

گەنجان و پیران، ژنان و پیاوان، فەقیر و دەوڵەمەندان، خودا بە هەموو کەس دەفەرموێ: تەماشا بکە و بژی! تەماشای ڕزگاری دەری باڵا دەست بکە کەوا خودا ناردویەتی و ڕزگارت دەبێت! بەڵام خودا هەروەها دەفەرموێ: ئەگەر تەماشا نەکەیت، ئەگەر باوەڕ

نەهێنیت بەو ڕزگاری دەرە کە خودا لە ڕێگای ئەوەوە تاکە چارەسەری دابین کردووە بۆ گوناە، ئەوا **لەناو گوناهەکانتان دەمرن.** (یۆحەنا ٨: ٢٤) یاسای ڕاستوردووستی خودا ڕایدەگەیێنیٚ کە هەرکەسێك باوەڕ نەهێنیٚ بەو چارەسەرییەی دابینی کردووە دەفەوتیٚ. خودا هیچ چارەسەرێکی تری نییە تاکو نەوەکانی ئادەم پێی چاك ببنەوە لە ژەهری گوناە. تەماشای ڕزگاری دەرەکەت کردووە کە هەموو پێغەمبەران لەسەریان نووسیوە؟ ئەو پاکت دەکاتەوە و ژیانی تاهەتاییت دەداتیٚ ئەگەر متمانەی خۆت بەتەنها بەو بکەی. نووسراوی پیرۆز دەفەرمویٚ: **وەک موسا لە چۆڵەوانی مارەکەی بەرزکردەوە، ئاواش دەبیٚ کوڕی مرۆڤ** (ڕزگاری دەری جیهان) **بەرز بکرێتەوە... تاکو هەر کەسێک باوەڕی پیٚ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت!** (یۆحەنا ٣: ١٤، ١٦)

بۆ وانەی داهاتوو سەرنجی دوایین ووشەکانی پێغەمبەر موسا دەدەین و بەو شێوەیە دیراسەتمان لە تەورات تەواو دەکەین. خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتیٚ بەووردی بیر لەم بەڵێنەی دەکەیتەوە: **(ڕوو لە من بکەن و رزگارتان بێت)** (ئیشایا ٤٥: ٢٢)



# گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. لەپاش ئەو هەموو شتەی خودا بۆیان و بۆ باوکانیانی کرد لە میسر و لە بیاباندا، ئایا دڵیان پڕ بوو لە سوپاس گوزاری و متمانە؟

٢. ئەی بۆچی گەلی ئیسرائیل نوێژیان بۆ خودا نەکرد؟ ئەو خودایەی کە چل ساڵ ئاگای لێیان بوو لە دەشتایی ووشکدا — ناتوانێ ئاوی خواردنەوەیان بداتێ؟

٣. خودا فەرمانی چی بە موسا دا ئەنجامی بدات تاکو کۆمەڵی ئیسرائیل ئاوی خواردنەوەیان هەبێت؟

٤. ئایا موسا بەگوێی خودای کرد و قسەی لەگەڵ بەردەکە کرد؟

٥. بۆچی خودا ماری ژەهراوی ناردە ناو گەلی ئیسرائیل؟

٦. گەلی ئیسرائیل دەیانتوانێ چی بکەین بۆ ئەوەی لە مردن ڕزگاریان بێت؟

٧. دەیانتوانێ خۆیان ڕزگار بکەن لە مارەکان؟ دەیانتوانێ چارەسەری خۆیان بکەن لەو ژەهرە کوشندەیە؟

٨. ئەی چی بکەن؟

٩. ئایا خودا ئەو مارانەی لەسەریان هەڵگرت؟

١٠. ئەی چی بەسەر ئەوانە هات کە ڕەتیان کردەوە تەماشا بکەن؟

١١. دەزانی خودا چی کرد بۆ ئەوەی ڕزگاریت بکات لەو نەعلەتەی گوناه بەسەرتی هێناوە؟

١٢. تەماشای ڕزگاری دەرەکەت کردووە کە هەموو پێغەمبەران لەسەریان نووسیوە؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998}بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org